کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Kurdistan National Congress (KNC)

Kongrey Nîştmanîya Kurdistan

WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,

W 6 9 L P, U K.  E-mail; wka@knc.org.uk


# پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

## بۆیادی 30 ساڵەی، جەنگی 24 ڕۆژەی شاری سنە!





**خوشکوبرایانی هێژا!**

**ئامادەبوانی بەڕێز!**

**لەگەڵ سڵاوێکی گەرم**

ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، بەنەخشە و پیلانی بەکرێگیراوانی کۆماری تازەدامەزراوی ئیسلامیی ئێران، شەڕێکی ناڕەوا بەسەر دانیشتوانی شاری سنەدا سەپێندرا و، بەهەزاران ژن و پیاو ومنداڵ و پیروپەککەوتە شەهید و بریندارکران و، زەرەروزیانێکی زۆریش لەماڵ و سامانی خەڵک درا.

هۆی سەرەکیی هێرشی دڕندانەی سوپای ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لەوەوەهات، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، هێندێک ناوچەی کوردستان وەک پارێزگەی سنە و ورمێ لەدەستی کورد خۆیدا بوون و، نیمچە ئازادییەکی سیاسی ورۆشنبیریی لەو دوو مەڵبەندەدا سەریهەڵدابوو. حیزبە سیاسییەکانی کورد و ئێرانیی، بەبێ هیچ ترس و کێشەیەک، چالاکیی سیاسیی خۆیانیان دەبردبەڕێوە. بێگومان، بەردەوامیی ئەم کەشەئازادە سیاسییە کە لە کوردستاندا هەبوو، کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان – وەک کرماشان و ئیلام و لۆڕستان و، هەروەها لەسەر گەلانی دیکەی ئێرانیش دادەنا، کە ئەمە بەهیچ چەشنێک لەگەڵ بیروباوەڕی ئایەتوڵڵا خومەینی و، ئامانجی داگیرکەرانەی ڕژێمەکەیدا نەدەگونجا، کە

بەتەمابوون سیستەمێکی بنچینەگرانەی ئیسلامیی لەئێران دامەزرێنن و، شۆرشەکەیان لەئێرانەوە هەناردەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و، وڵاتانی موسڵمان لەجیهان بکەن. لەبەرئەوە، هەڵگیرسانی شەرِی سنە لەلایەن رژێمی ئیسلامییەوە، زەوینەی خۆئامادەکردن و، هێرشێکی بەرفرەتر بوو، بەمەبەستی داگیرکردنەوەی یەکجارەکیی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەورۆکە، لە بارودۆخێکدا یادی 30 ساڵەی شەهیدانی شەرِی24 رۆژەی سنە دەکەینەوە، کە رژێمی ئێران بەرەورووی گوشاری نێودەوڵەتی بووەتەوە، ئەمەش هەلێکی گونجاو و لەباری بۆ سیاسەتکارانی کورد و، سەرۆکایەتیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخساندووە، کە لەبەرەیەکی هاوبەشدا، کاربکەن بۆراکێشانی پشتیوانیی دنیای ئازاد لە کێشەی رەوا و لەمێژینەی کورد. بۆیە لێرەدا، داوا لەتێکرای حیزب و رێکخراوەسیاسییەکان و کۆروکۆمەڵی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیران و کەسایەتیی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، لەبەرامبەر رژێمی خوێنرێژ و داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەرەیەکی نەتەوەیی پێکبهێنن و، بەداڕشتنی پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش، ئامانج و داخوازییەکانی گەلی کورد و، شەهیدان بهێننەدی و، ستراتیژ و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد، بکەن بە رێباز و بەرنامەی خەبات و تێکۆشینیان.

لەکۆتاییدا، سوپاس و دەستخۆشیی لە کۆمیتەی بەرێوەبەریی یادی شەرِی 24 رۆژەی سنە دەکەین، کە دەستپێشخەربوون لەئەنجامدانی ئەم یادە پیرۆزەدا. هیواداریـن، ئەم هەنگاوە ببێتە زەوینەی چالاکییەکی بەردەوام بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی هەموو ئەو رووداو و کارەساتەدڵتەزێنانەی کە بەسەر نەتەوەکەمان هاتوون، بۆ ئەوەی بتوانین، لەلایەک کۆروکۆمەڵی نێونەتەوەیی لەکردەوەی نامرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر گەلەکەمان ئاگادار بکەین، لەئالیی دیکەشەوە، مێژوویەکی راست و روون لە رووداو و کارەساتەکان بۆ وەچەکانی داهاتووی گەلەکەمان بەجێ بێڵین.

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی شاری سنە و هەموو شەهیدانی رێی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**سەرکەوێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لە پێناوی ئازادی و دێمۆکراسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

24/4/201

KNC
P.B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway

www.knc.org.uk
0047 - 93839953
www.kncsite.com

knc@ribrahim.de
post@kncsite.com